

## وێنەکەمان بناسین


نا : عەبدوڵڵای مەجید بەگ
وێنە : بێگەرد عوسمان


# چەمی چۆمان

ئەم چەمە بە ناوچەیەکدا دەڕوات، کە ئەوبەری دەکەوێتە کوردستانی ئێران و پێی دەڵێن (ئالانی باپیر ئاغا)و چەند گوندێکی دڵگیر دەگرێتە خۆ. لەوانە : بێژوێ، ڕەشەکانێ، سنجوێ، بێورێ و دۆڵێ. ئەم بەری چەمەکەش پێی دەوترێ ( ئالانی وەسمان ئاغا ) و دەکەوێتە کوردستانەکەی لای خۆمانەوەو لە نۆ گوندی ئاوەدان و دڵڕفێن پێکدێت، لەوانە : شاناخسێ، گرگاشێ، مەروێ، سورەدزێ و دێرێ.

لە زستاندا کە ئاوی چەمەکە زیاد دەکات، خەڵکی ناوچەکە بۆ پەڕینەوە ( جۆلان ) بەکاردەهێنن. جۆلان لە شێوەی جۆلانەدایەو بەستراوە بە ( سیم ) ێکی ئەستورەوە، کە جەمسەرێکی لەمبەرو جەمسەرەکەی تریشی لەوبەرە. ناوچەی ئالان هەمیشە لانەو جێی حەوانەوەو چالاکی پێشمەرگە بووە.

# تێکەڵکردنی کانزاکان





لە سروشتدا چەندین کانزا هەیە کە دەتوانین گەلێک ئامێری گرنگیان لێدروست بکەین، لە نموونەی ئەو کانزایانە زێڕ، مس، زیو، فافۆن، ئەلەمنیۆم و گەلێکی تر. لە کۆنەوە کانزاکان بۆ دروستکردنی پارەی کانزایی، شمشێر، قەڵغان، کەرەستەی چێشتخانەو گەلێک شتی تر بەکارهێنراون.

تێکەڵکردنی کانزاکان لە ڕێگەی گەرمکردنی دوو کانزا یان زیاترەوە دەبێت، تا دەگەنە پلەی تواندنەوە لەناو یەکداو سەرئەنجام کانزایەکی تازەمان دەستدەکەوێت. ئەم تواندنەوەیەش لە شوێنێکدا دەکرێت کە بەرگەی پلەی گەرمی یەکجار بەرز دەگرێت و پێی دەوترێت کورە.( برۆنز ) یەکێکە لەو دارشتە کانزایانەی کەلە توانەوەو تێکەڵکردنی ( مس و تەنەکە ) دا پەیدا دەبێت و چەندین پێویستی وەک: مەدالیا، جامی وەرزشیی، پەیکەرو دیواربەند و گەلێک شتی تری لێدروست دەکرێت.






نا : پەپوولە
وێنە : سەرتیپ فەتاح